مرۆڤ لە سەر ئاینی هاوڕێکەیەتی؛ بۆیە با هەریەکێکتان بڕوانێت وبزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مرۆڤ لە سەر ئاینی هاوڕێکەیەتی؛ بۆیە با هەریەکێکتان بڕوانێت وبزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود والترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە مرۆڤ لە هاوڕێکەی دەچێت لە هەڵسوکەوت وڕەوشتیدا، چونکە هاوڕێیەتی کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوشت وهەڵسوکەوت، بۆیە ڕێنموێنی کرد بۆ هەڵبژاردنی هاوڕێی چاك؛ چونکە هاوڕێی چاك ڕێنیشاندەری هاوڕێکەیەتی بۆ ئیمان وهیدایەت وخێر وچاکە، هەروەها یارمەتیدەری هاوڕێکەیەتی

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3122